# لە وونبوونی مرۆڤێکدا بەدوای مرۆڤێکی تردا گەڕام..

**ئا/ مەستورە مەحمود**



شلێر ئەو کچە تەمەن ٢٢ساڵەیە کە ٤ ساڵە شووی کردووەو خەڵکی ڕانیەیە بەتۆمەتی خیانەتی هاوسەرێتی ئێستا لە گۆشەی زینداندایە.

گۆشەی زیندانو زیندانی کردنی سەرەتای دڵی شلێر دوو شتن کە ڕەنگە لە یەکترەوە نزیك بنو یەکبگرنەوە، شلێر کاتێ بە نیگای چاوە ڕەشەکراوەکانی سەیری دەکردی پڕبوون لە حەزوئارەزوویەك کە تا ئەو کاتەش ئارەزووە بۆ تێرکردنی، شلێر دەستە پڕ لە بازن و نینۆکە بۆیە کراوەکانی زوو زوو دەجوڵاندو تەحەدای ئەوەی دەکرد کە ئەم تاوانبار نیە بەوەی خیانەتی هاوسەرێتی لە حەمیدی هاوسەری کردبێتو لە پشت ئەوەوە حەزی لە ڕێبوار کردبێت، بەڵکو هاوسەرەکەی بە تاوانبار دەزانیو دەیووت " هاوسەرەکەم زۆر ساردو سڕبووە لەگەڵمدا هیچ کات هەستو سۆزێکی وەهای پێنەداوم کە من دڵم پێی خۆش بێت لە هەموو ڕویەکەوە تەنانەت لە ڕووی مومارەسەی سێکسیشەوە زۆر ساردبوو لەگەڵم منیش نەمدەتوانی بەو ساردو سڕیەیەی قەناعەتم هەبێت، چونکە لە سەرەتاشەوە کە داویانم بەو پێم خۆش نەبووە "شلێر لە سەر قەڵەوێرەکەی زیندانی جارجارە خۆی دەجوڵاندو قژە زەردکراوەکانی دەدا بەلایەکداو دەچووەوە سەر باسەکەیو دەیووت "من زۆر کات بەماڵەوەمانم ووتوە دەمەوێ لە حەمید جیا بمەوە ، بەلام ماڵەوە ئەو ڕێگەیان پێنەدام منیش ڕێبوارم خۆش دەویست و ئەو وەکو مێردەکەم نەبوو لە خۆشەویستیداچەند جارێك مومارەسەی سێکسیمان کردووەو زۆر بە گەرمو گوڕی ئەو حەزانەی تێر دەکردم کە تائەم کاتەش بە ئاواتەوەم حەمید تێری بکات "

یەکێك لە دیارد سەرنج ڕاکێشەکانی شلێر جوڵە هەمیشە نەسرەوتەکەی جەستەیو جلە ئاڵووالاو مکیاجە ڕەنگاو ڕەنگو ئاودارەکەی بوو ،وەك ئەوەی بیەوێت بوونی خۆی لە جەستەیدا بسەلمێنێت.

هەربۆیە لێوەسورکراوەکانی زوو زوو دەجولاندو مەچەکە خرپنەکانی دەخستە ژێر چەناگەیو هەر نەتئەوت کە لەسەر شتێکی وا زیندانی بێت ودەیووت" من مێردێکم بۆچیە کەتەنها شەوان دێتەوە ماڵو شەویش دەچێتە دەرەوەی ماڵو بە تەنها جێم دەهێڵێت هەمووی وونبوونی ئەوبوو کەمن بەدوای دۆزینەوەی کەسێکی ترەوە بووم ئەو دۆزینەوەش وەها ئاسان نەبوو بۆم ڕێبوار هاوڕێی مێردەکەم خۆی بوو هاتوچۆی ماڵمانی دەکردو لەو کەینو بەینەدا حەزمان لە یەك کرد "

شێلر وەهای پیشاندەدا کەئەمە حەزێکی کۆن بێت تیایدا مابێتەوەلەبەرئەوەی پێش شووکردنی بە حەمید کەسێکی تری خۆشویستووە ،بەلام ماڵەوەیان نەیانداوە بە ئەو.

شلێر قاچەکانی خستبووە سەر یەکو دەیووت "کاتێ حەمید دەچووە دەر ڕێبوار دەهات بۆلامو وا ئێستا ڕێبواریش وەك من لە سوچی زیندانداییەو هەردوکمان چاوەڕێین بزانین چیمان لێ بەسەر دێت ،چونکە هێشتا بە تەواوەتی حوکم نەدراوین"

**تێبینی/ ئەو ناوانەی تیایدا هاتووە ناوی خوازراون.**

# ڕۆڵی ژن لە بەرهەمهێنانی بیری پیاوسالاری لە کۆمەڵگای کوردیدا

**وهاب شاه محمد/ سوید**

پێش ئەوەی باس لە ڕۆڵی ژنی کورد لە بەرهەمهێنانی بیری پیاوسالاری بکەین، باشتر وایە چاوێک بەو فاکتەرە سەرەکیانە بخشێنیین کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بیری چەوسانەوەی مرۆڤەکان بەرامبەر بەیەکتر.

هەر لەسەرەتای درووستبوونی کۆمەڵگاکان چەوسانەوە بە گوێرەی گەشەکردنە ئابوری و کۆمەڵایەتێکان وەک ئامرازێکی کاریگەر لەلایەن مرۆڤەکانەوە بۆ پاراستنی دەسەڵات بەکارهێنراوە . ئابووری هەمیشە فاکتەری سەرەکی هەموو ئەو ململانێ وچەوسانەوەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بووە، تا کۆتای ژیانیش گرنگترین فاکتەری ئاشتی و جەنگیشە لە نێوان مرۆڤەکان. بەرپابوونی ئاین وەک فاکتەرێکی پێویست بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکانی کۆمەڵگاکان، وە بۆچوونی ئەو ئاینانە بۆ ئافرەت و مافەکانی بەرامبەر پیاوان دەکرێت وەک وەرچەرخانێکی گەورە بۆ دیاریکردنی ڕۆڵیان لە کۆمەڵگاکان ببینین. هەرسێ ئاینە ئاسمانێکان زۆر بە زەقی باس لە ڕۆڵ و مافەکانی ئافرەت دەکەن لە کۆمەڵگاکانیان، بەڵام بەهۆی هەموو ئەو گۆرانکاریە کۆمەڵایەتی، ئابووری وە سیاسیانەی لە هەردوو کۆمەڵگای مەسیحی و جوولەکە روویداوە، ئافرەت زۆر لە مافەکانی خۆی دەسکەوتوەو شان بەشانی پیاوان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگا.

هەرچی کۆمەڵگا ئیسلامێکانە تاکو ئێستا ژنان وەک پێویست لە هەموو ئەو چەوسانەوەی بەرامبەریان ئەنجامدەدرێت رزگار نەبوونە. لەم کۆمەڵگانە زۆر فاکتەر هەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە چەوسانەوەی ژنان هەیە، لە هەمووی گرنگتر فاکتەرە ئابوری و رۆشنبیرێکەی کۆمەڵگاکەیە کە سەرچاوەکەی لە ئاینەوە وەرگرتوەو یاساو مافەکانی ژنان دیاری دەکات.. دیاریکردنی ڕۆڵی ئافرەت بەو شێوەی کە فەلسەفە ئاینێکە دایرشتوە بۆتە بەشێکی سەرەکی ئەو کلتوورو یاسانەی زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامێلکان.

چەوسانەوەی ژنان لە لایەن پیاوانەوە، زۆرجار لە ڕێگای دەسەڵاتی سیاسی، ئابوری وە ئاینێکانەوە ئەنجامدراون. هەندێ جار لە کۆمەڵگا هەرە پێشکەوتۆکانی جیهان کە بە دنیای مەدەنی و دیموکراسی ناودەبرێن و ئافرەت ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێکخستن و بەرێوەبردنی ئەو کۆمەڵگانە دەبینێ، زۆرجار لە ڕێگای میدیاکانەوە گوێمان لە پەلاماردان، کوشتن وە تاوانە دەروونێکان دەبێت بەرمابەر ژنان. لەم کۆمەڵگا پێشکەوتوانە بەهۆی گەشە وتێروانینی گشتی کۆمەڵگا، دەسەڵات و یاسا بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو بەرزترین سزا دەدرێتە ئەو پیاوانەی تاوان بەرامبەر ژنان ئەنجام دەدەن.

هەرچی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێە، کە تاکو ئێستا باری ئابووری تاکەکانی کۆمەڵ جیاوازێکی زۆری تیابەدی دەکرێت و سیستێمە سیاسێکە پیاوسالارێکی زەقی تیا بەدی دەکرێت، بەتایبەت لەو کۆمەڵگا ئیسلامێکان کە تیروانینێکی تایبەتی بۆ ڕۆڵ و مافەکانی ژن و پیاو هەیە، چەوسانەوەی ژنان بوتە دیاریدەێکی ڕۆژانەو بۆتە بییرێکی کلتووری ئەو کۆمەڵگانە.

پەروەردەکردنی منداڵان، چی کچ بێت یان کوڕ لەسەر ئەو بنەمانەی سەرەوە بەرێوەدەچێت، منداڵ هەر لەسەرەتای گەشەکردنێوە فێری ئەوە دەکرێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان کچ و کوڕان.

پەروەردەی منداڵ گرنگترین فاکتەری پێکهێنانی بییری کۆمەڵگایەو هەر لە ڕێگای ئەو پەروەردەوە هەموو فەلسەفە کلتووری و کۆمەڵایەتێکان دیاری دەکرێت. لە کۆمەڵگا مەدەنی و پێشکەوتۆکان، سیستێمە سیاسی و کۆمەڵایەتی وە پاشان بۆچوونی ئاینەکەیە کە منداڵی لەسەر پەروەردەدەکرێت و هەموو بۆچوونەکانی منداڵ دەکاتە بەشێکی کلتورەکەو تێروانینی خەڵکی سەبارەت بە ماف و ڕۆڵی ژن و پیاو لە کۆمەڵگا دیاریدەکات.

لە کۆمەڵگا مەدەنی و پێشکەوتۆکان بە هۆی هەموو ئەو گەشەکردنەی کۆمەڵگا منداڵان زۆربەی کاتەکانیان لە دەرەوەی ماڵ دەبەنەسەر و خودی سیستێمە سیاسێکەی ئەو کۆمەڵگانەیە کە شێوازی پەروەردەی منداڵان دیاریدەکات و بە گوێرەی ئەو فەلسەفانەی دەسەڵات دیاریکردوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان هەموو بییرو بۆچوونەکانی منداڵان ئاراستەدەکرێت. کەواتە سیستێمە سیاسێکەش دەتوانیت ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاراستەکردن و دیاریکردنی بییرو بۆچوونەکانی منداڵان ببینێت کە لە پاشەرۆژ دەبێتە بەشێک لە بۆچوونی کۆمەڵگا سەبارەت بە مافەکانی ژنان و کلتووری کۆمەڵگاکانیان.

لەم کۆمەڵگانە دەسەڵاتە سیاسێکە لە ڕێگای پسپۆرانی تایبەتەوە شێوازی پەروەردە دیاریدەکات و ساڵانە پارەوپولێکی زۆر لە پێناو گەشەکردنی پەروەردە سەرف دەکات. هەر لەو دامووەدزگا شێوازو بنەماکانی پەروەردە بۆ مامۆستایان دیاریدەکرێت و هەموو مامۆستایان ناچارن پەیرەوی بکەن. زۆربەی ئەو کەسانەی ئەو دامووەدزگانەش بەرێوە دەبەن ژنانن و ڕێژەی پیاوان تیایاندا زۆر کەمە.

هەموو دەزانیین مەسەلەی پەروەردەی منداڵ لە کۆمەڵگاکانی جیهانی ئیسلام زیاتر لە ئەستۆی دایکانەو، منداڵ پێش و پاش دەستپێکردنی خوێندنگا زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ دایک دەباتە سەر. زۆربەی ئەو بۆچوون و بنەما کلتووریانەی منداڵان سەرچاوەکەی دایکانەو باوکیش بەهۆی گرفتاری ئیش و کارەوە زۆربەی کاتەکەی لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبات. تا قۆناغی دەستپێکردنی خوێندن پەروەردەی منداڵان کەوتۆتە ئەستۆی دایکان، بەتایبەت ئەو خێزانانەی کە باری ئابووریان خراپە، یان تەنها باوکانیان سەرچاوەی پەیداکردنی ئابووری خێزانەکەن. هۆێکی تر کە ژنان زیاتر لە منداڵان نزیکدەکاتەوە فاکتەرە فسیۆلۆجێکەی ژنانە، کە دەبێت بۆ ماوەێکی دیاریکراو سەرپەرشتی منداڵان بکەن و زۆربەی کاتەکە لەگەڵ ئەوان بەرنە سەر.

کێ لە ئێمە گوێ لە دایکی یان خزمێکی نزیکی ژنی نەبووە کە بە منداڵەکەی نەڵێت تۆ کچی و نابێت ئەوە بکەییت یان ئەو کارە بۆ تۆ عەیبە. یان بە کچ نەڵێت ئەو کورەو لەگەڵ تۆ جیاوازی هەیە. هەر ئەو جۆرە پەروەردەیە لەلایەن ژنانی کوردەوە دەبێتە زەمینەێکی گرنگی بییری نەوەکانی دوارۆژ و پیاوسالاری کۆمەڵگای کوردی دیاریدەکات. کەواتە دەتوانین بڵێین ژنی کورد لە ڕێگای ئەو شێوازی پەروەردەی منداڵەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە بەهێزکردن و پاراستنی پیاوسالارێکەی کۆمەڵگاکەمان دەبینێت.

بەهۆی نەبوونی گۆرانکاری پێویست لە خوێندنگاکان، باخچەی منداڵان، دەبینین لە خودی ئەو دامووەدزگانەش هەمان بۆچون و شێوەی پەروەردەی پیاوسالاریە بەدی دەکرێت کە ڕۆڵی کچ و کوران دیاریدەکات و هەموو ئەو بنەما فەلسەفیانەی بۆ ئاساندەکات.

بۆ بنبرکردنی پیاوسالاری لە کۆمەڵگای کوردی دەبێت پێش هەموو شتێک لە ڕێگای میدیاو دامووەدزگا ڕۆشنبیرێکانەوە بییرو شێوازی پەروەردەی منداڵ لای دایکان یان ژنانی کورد بگۆڕیین، پاشان فشارێکی باش بخەینە سەر دەسەڵاتە سیاسی و یاسایکە بۆ گۆرینی هەموو ئەو یاسانەی کە جیاوازی لە نێوان مافەکانی ژنان و پیاوان دیاریدەکات. گۆرانکاری لە یاسا، یان سزادانی پیاوان تەنها ڕێگا نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵکو لە هەمووی گرنگتر و کاریگەرتر گۆرینی بییرو ئەو شێوازە پەروەردەییەی لای ژنی کوردە کە نەوەکانی دوارۆژ بەرهەم دێنێت. دەبێت دامووەدزگاکانی رۆشنبیری و میدیاکانی کوردی بەدوای ڕێگاچارەێک بگەرێن بۆ کارکردن لەسەر ژنان و گۆرینی شێوازە پەروەردەێکەی.

ڕاستە پیاو هەمیشە حەز لە پیاوسالاری دەکات و کار بۆ هێشتنەوەو بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی دەدات، بەڵام کاتێ بەرامبەرەکە زۆر پاسیڤەو تەنها وەک چاولێکەرێک کێشەکان دەبینێت، ناکرێت چاوەروانی گۆرانکاری گەورەبیین لە بییری پیاوان لە کۆمەڵگاو گۆرانکارێکە تەنها بخرێتە سەر ئەستۆی پیاوان، بەڵکو دەبێت خودی ژنان لە ڕێگای هەموو ئەو دامووەدزگانەوە کار بۆ گۆرینی بییری ژنان و شێوەی پەروەردەکردنی منداڵان بکەن.

*ساتی پێنوسی کورد

شەهلا ئاقولپر

## ئێوارەی ئیعدام



لە ئێوارەیەکی بوومەلێڵی
خەفەتبار
گەردنەکان، هەراسان
زیندوو زیندوو
ئەخرێنە سەر دار
وشەکان
بە ئەندازەی گڵمەتە ڕەشەکان
بەزۆرەملی
لە گەرووی "ئێراندۆخت"،
ئەو دایکە زیندانییە،
ئەو ژنە بە مەرگ سزادراوە،
ئاڵاون و بوونەتەبەرد...
وە نیگارەکانی من
کە کۆڵەبارێکن
لە خەونەناخۆشەکانی هەستم،
چرایەک ڕادەکێشن
وە فرمێسکەکانی باوکم
کە لە چاوگەوە ویشک
هەڵاتوون
دەگرمە دەستم،
ئاخ! ئەو دڵۆپە بەستووانە
چ بارانێکی ڕەشی گرانن...
چاوە زراوچووەکان
مەلاومەلن
لە ڕازە نەدرکاوەکان.
ئەو، کە سەمای داوەڵەکانی
لەگەڵ هەڵمەتی واقیعە
تاڵەکان
بە چاو بینیوە،
ڕەنگە دووراودوور
ئاواتی نارەناری گوڵی مینای
لە سەردا هەبووبێ.
ئاخ! ئاهی ژیانێکی
خەفەتباری چاوەڕوانی
لە سەر گڵکۆی بێ ناوونیشان
دای ئەمرێنێ...
وای! هێژ..
ئێوارەی جۆخەی ئیعدام
هەر درێژەی هەبوو...

لە سایتی خۆزگەوە